بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

پ١/ گرنگی بابەتی تاوانناسی بۆ کۆمەڵگا لە چیدایە؟تەنها(٥) خاڵ بنووسە (10)نمرە

پ٢/تایبەتمەندییەکانی تاوان بنووسە؟ (10)نمرە

پ٣/ لقەکانی تاوانناسی بنوسە و باسی دەروننناسی تاوان بکە؟ (10)نمرە

مامۆستای بابەت : م. توانا عثمان محمدامین

زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# تاواناسی

م.ی توانا عثمان محمدامین
قۆناغی سێیەم – كۆمەڵناسی

TWANAOSMAN357@GMAIL.COM

MOBILE :07504859088


Criminology


CRIME
CRIMINOLOGY
NDIVIDUAL
THEORIES
THOUGHT
CRIMINAL
SCHOOLS
COMES
THINGS
CONSIDERED
CONTROL
PEOPLE
AREA
BEGAN
PLACE
WITHIN
SIDE
ORDER
RATIONAL
CRIMINOLOGISTS
ENVIRONMENT
CAUSES
MAKEUP
BELIEVE
GENERATIONS
HEDONISTIC
MAY
SOCIAL
BEHAVIOR
SOCIETY
PERSON
INDIVIDUALS
POSITIVISTS
SCHOOL

**- کۆنترۆڵی فەرمی formal control :**

کۆنترۆڵی فەرمی چەندین تایبەتمەندی و میکانیزمی هەیە.

ئەم جۆرە کۆنترۆڵە لەلایەن **گروپە دووەمینەکانەوە** دەکرێت، کۆنترۆڵکاران خەڵکانی **پسپۆڕن**، **دەسەڵاتیان** هەیە تاك سزا بدەن.

**یاساکان نوسراون** و ئەگەر تاك تاوان و لادان بکات بەپێی ئەو یاسایانە **دەستگیر و بەند دەکرێت یاخود سزا دەدرێت.**

بەگشتی ناوەندەکانیش بریتین لە:

**١- دەستور constitution:**

دەستور **یاسای باڵای** وڵاتە، شێوازی بەڕێوەبردن و دەوڵەت دیاری دەکات، **ئەرك** و **مافەکانی** هاوڵاتییان دیاری دەکات، **پەیوەندی** نێوان **هاوڵاتییان** و **دەسەڵات** ڕون دەکاتەوە.

**هەر یاسایەك پێچەوانەی دەستور بێت ڕەد دەکرێتەوە**، چونکە دەستور دایکی هەموو یاساکانی وڵاتە و کاریگەری لەسەر شێوازی ژیان و کەلتوری کۆمەڵگە و ڕەفتاری تاکەکان هەیە.

دەستور هێڵە **گشتییەکانی** دەسەڵات و ڕەفتاری تاکەکان دیاری دەکات؛ تاکەکان و دەسەڵات و گروپەکان **کۆنترۆڵ** دەکات.

**٢- یاسا law :**

یاسا کەتەلۆگی ڕەفتاری تاکە.

**هێزێکی ڕێکخراوە** و **کۆمەڵگە خاوەنیەتی**؛ بە مەبەستی **کۆنترۆڵکردنی** کۆمەڵگە داڕێژراوە.

ئامانج لێی **ڕێکخستنی** ژیانی هاوڵاتیانە.

تاکەکانی **ناچارکردووە** بەوەی خۆیان لە ئەنجامدانی هەندێك کار بەدوربگرن و هەندێك کاریش هەیە دەبێت ئەنجامی بدەن.

یاسا مەرجی مانەوەی مرۆڤایەتی و **ئارامییە** لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا و بە نەمانی ژیان دەبێتە **جەنگەڵ و دارستان.**

یاساکان چەندین لق و بەشیان هەیە و هەریەکەیان تایبەتن بەڕێکخستنی بوارێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە بۆیە **ئامرازێکی گرنگی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی فەرمییە.**

**٣- پۆلیس police :**

ئەم چەمکە لە politiaی لاتینییەوە وەرگیراوە ئەویش لە politeia یۆنانییەوە وەرگیراوە کە بەمانای **(پارێزەری ڕەوشت)** دێت.

پۆلیس دەسەڵاتیی **جێبەجێکار** و **یاسایی** کۆمەڵگەیە، بەپێی **دەقە یاساییەکان** و **ڕەزامەندی دادگا** مافی **دەستگیرکردنی** تاوانکارانی هەیە.

بۆیە پۆلیس یەکێکە لە ئامرازە فەرمییەکانی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە.

## ٤- دامەزراوە پەروەردەییەکان:

پەروەردە پرۆسەیەکی **هەنگاو بە هەنگاوە**، کاردەکات بۆ دروستکردنی مرۆڤێکی **سودبەخش و کارا**، دەخوازێت تاك **خۆی پێبگەیەنێت.**

پەروەردە؛ دروستکردنی مرۆڤە لە ڕووی(دەرونێکی ئارام، کەسێك بایەخ بە تەندروستی خۆی بدات، بایەخ بە لایەنی رۆحی بداتْ، بایەخ بە کۆمەڵگەکەی بدات، وا لە تاك دەکات خاوەن ڕەوشتێکی جوان بێت و بتوانێت بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگە، هەست بکات بە ئەرك و مافەکانی، خواستی خزمەتکردنی هەبێت لە بوارە جیاوازەکانی ژیان، هەروەها پەروەردە لایەنی هزری و زانستیش دەگرێتەوە).

ئەم پرۆسەیەش لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێدەکات و تا دوا قۆناغەکانی خوێندن بەردەوام دەبێت.

**٥- ڕاگەیاندن communication:**

ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە **ئامرازێکی بەکۆمەڵایەتیکردن** و **کۆنترۆڵکردنی تاکەکانە.**

ڕاگەیاندن دەتوانێت لەڕێگای پێشکەش کردنی جۆرەها بەرنامە و دراما و فلم و زۆر ئامرازیترەوە تاکەکان **ئاراستە** بکات بەرەو ئەو **ئامانجەی** کە **خۆی** دەیەوێت.

بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستادا، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زۆر جۆراوجۆر و پێشکەوتوو بوون؛ بەمەش رۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە پرۆسەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ئەندامانی کۆمەڵگا.

**٦- سەرکردایەتی Leadership**:

هیچ کۆمەڵێك بێ سەرکردە نییە و هیچ سەرکردەیەکیش بێ کۆمەڵ دروست نابێت؛ کەواتە سەرکردایەتی پێویستە بۆ کۆمەڵگە.

سەرکردە **ئەرك** و **ماف** و **دەسەڵاتی** هەیە؛ پێشەوای گەلە و ڕابەرایەتی کۆمەڵگە دەکات و **کاریگەری لەسەر خەڵك و شێوازی ژیانیان هەیە.**

سەرکردە دەتوانێت ڕۆڵی سەرەکی هەبێت لە ڕێکخستنی کۆمەڵگە و کۆنترۆڵکردنی تاك و ئاڕاستە کردنیان.

سەرکردە دەتوانێت **زۆر ڕەفتار و ووردە کەلتور هەیە بیگۆڕێت**؛ داهاتووی کۆمەڵگە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و وا لەخەڵکی بکات چاوی لێبکەن.

ژان ژاك ڕۆسۆ دەڵێت: سەرکردەی گەندەڵ کۆمەڵگەی گەندەڵ بەرهەم دەهێنێت؛ بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

**بێگومان رۆڵ و کاریگەری سەرکردە بەپێی جۆری کۆمەڵگاکان دەگۆڕیت.**



بِسْمِ اللَّـهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

**۞ وَلَوْ بَسَطَ ٱللَّهُ ٱلرِّزْقَ لِعِبَادِهِۦ لَبَغَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَـٰكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٍۢ مَّا يَشَآءُ ۚ إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرٌۢ بَصِيرٌ (الشورى - 27)**

# بەهیوای سەرکەوتن

